وەزیری پەروەردە: بەڕێوەبەری قوتابخانە، بە پلانی زانستی دەستکەوتی گەورەی دەبێت

د. پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی ژمارەیەک قوتابخانەی ناوشار و شاوێس و پیرمام و سنووری پەروەردەی گشتی هەولێری کرد. ئەم سەردانانەیش لە کاتێکدایە کە سەرەڕای قورسی باری گوزەران و دۆخە شڵەقاوەکەی عێراق، مامۆستایانی کوردستان دەرگای قوتابخانەکانیان بەڕووی قوتابیانی هەرێم و تەنانەت قوتابیانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم والا کردووە کە بە هۆی حەشدی شەعبییەوە ڕوویان کردووەتە پارێزگای دهۆک و هەولێر و سلێمانی.

وەزیری پەروەردە لە سەردانەکەیدا سوپاس و دەستخۆشی لە مامۆستایانی خۆڕاگر کرد کە هۆکاری سەرەکین بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەی فێربوون. هەروەها لە پۆستێکی خۆیدا کە لە پەیجی فەرمی خۆی بڵاوی کردۆتەوە، پشتیوان سادق گوتوویەتی: سەرنجمدا هەندێ کارگێڕی قوتابخانە زۆر بە پلانەوە کارەکان ڕایی دەکەن و بوونەتە جێگای ڕەزامەندی مامۆستایان و قوتابیان و کەسوکاری خوێندکاران. تەنانەت بۆ نۆژەنکردنەوە و دابینکردنی پێداویستییەکان هیمەتی زۆر گەورەیان و بە شەفافی کردووە هەرچەند بەداخەوە هەندێ کارگێڕی تر هەبوون پلانێکی تۆکمەیان نەبوو.

هەر بۆ ئەم مەبەستە وەزیری پەروەردە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ڕاسپاردووە کە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە کارە پەروەردەییەکان و بوێرانە بڕیار بدەن لەسەر ئەو پرسە گرنگانەی کە سوودیان بۆ فێربوون و پەروەردە هەیە و ڕێگەیش بۆ بەڕێوەبەرەکان دادەنێت بۆ ئەوەی قوتابخانەکەیان بە چ پلانێک نۆژەن بکەنەوە و وەک خۆی نووسیوویەتی: بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەگەر ڕۆڵی خۆی ببینێ دەتوانێ زۆر دەستکەوت بۆ قوتابخانە دابین بکات، ئەمە جگە لە پلانی زانستی وکارگێڕی، بۆ هەرێمی کوردستان نۆژەنکراونەتەوە کە زۆرینەیان ئەنجوومەنی دایک و باوکان ئەنجامیان داون و کارگێڕی قوتابخانەکان تەنیا سەرپەرشتیار و تێبینەری دۆخەکە بوونە. هەروەها زۆرێک لە ڕێکخراوە پەروەردەیی و نێودەوڵەتییەکانیش هاوکاربوونە لەم نۆژەنکردنەوەیەدا و سەرەڕای دروستکردنی چەندین قوتابخانە، دەیان قوتابخانەی دیکەیشیان نۆژەن کردووەتەوە.

نموونە خوێندنگایەک300 قوتابی هەیە، کارگێڕی قوتابخانە دەتوانێت چەند باوکێک دیاری بکات کە باری دارایی باشە، هەر ئەم باوکانە خۆیان بێ ئەوەی هیچ پارەیەک بدەنە کارگێڕی قوتابخانە خۆیان بە هەماهەنگی لەگەڵ قوتابخانە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە و پێداویستییە زەروریەکان دابین بکەن. هەڵمەتی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان کە بۆ وەزارەتی پەروەردە و هەرێم گرنگن، دوو ساڵێک دەبێت بڕیاری لەبارەوە دراوە و وەک هەڵمەتێکی نیشتمانی هەژمار کراوە و هەر لەم چوارچێوەیەشدا زیاتر لە هەزار قوتابخانە لە سەرتاسەری

باس ژ ئێکرێزیا ناڤمالا کوردی و ئێگرتنا پارت و ئالیێن سیاسی هاتەکرنێ

خەبات ـ سەربەست مزیری:

لروژا دوو شەمبی ڕێکەفتی 13/11/2017ێ، شاندەکێ پارتا کومەنیستا کوردستانی ژ لیژنا دەشتا نەینەوا ب سەرپەرشتیا ماجد حەسەن بیتار ئەندامێ سەرکردایەتییا پارتیا وان و بەرپرسێ لیژنا ناڤهاتی سەردانا لقێ 20 شێخان کرن و ژ لایێ مەحمود ئێزیدی ئەندامێ جڤاتا سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستانێ و بەرپرسێ لقێ 20ێ و عێراقێ کرن و رویدانییێن ڤێ داویێ ییێن دەڤەرێ بەحس کرن، ژلایەکێ دیتر ڤە بەرپرسێ لقێ 20ێ پارتی و کوردستانێ و دەڤەرێ بەحس کرن. بەحسێ وەزعێ سیاسی بگشتی ل کوردستانێ و عێراقێ کرن و رویدانییێن ڤێ داویێ ییێن دەڤەرێ بەحس کرن، ژلایەکێ دیتر ڤە بەرپرسێ لقێ 20ێ پارتی رووبەرێ دەڤەرێ ب ئاوایەکێ گشتی بتایبەتی پشتی ڤان کاودانێن دوماهیکێ پەیدابوین و باس ژ ئێکرێزیا ناڤمالا کوردی و ئێگکرتنا پارت و ئالیێن سیاسی هاتەکرنێ بو بەرژەوەندییێن خەلکی زێدەباری بەحس کرنێ ژ پرسا ریفراندومێ کو پرسەکا نیشتمانی بو، باس ژ پەیوەندێن دوو قولی هاتەکرن هەر دوو ئالیێن گوتن دڤێت سەردانێن مە بو جەم هەڤدو د بەردەوام بن.

ستراتیژییەتی نیشتیمانی بۆ پەرەپێدانی ڕەوشی ئافرەتان گفتوگۆی لەبارەوە کرا

خەبات ـ دلێر ئیبراهیم:

ڕۆژی 12/11/2017 شاندێکی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان کە پێکهاتبوو لە پەخشان زەنگنە ئەمیندارای گشتی ئەنجومەن و کۆسار کەریم ڕۆژ و دلخواز عەبدوڵڵا ئەندامانی ئەنجومەن و فلۆرین گۆرگیس سێودین بەڕێوەبەری گشتی دیوان، سەردانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییان کرد و لەلایەن محەمەد هاودیانی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی پێشوازییان لێکرا.

لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا گفتوگۆکرا لەسەر دانانی پلانی ستێکتەری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا. شایانی باسە ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا، لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە 19ی ئەنجومەنی وەزیران، بە بڕیاری ژمارە 98 لە 2016/11/22 پەسندکراوە.

GIZ: حکوومەتا هەرێما کوردستانێ دیپڕۆژەییێن خزمەتگوزاریدا پێشکەفتیە

حکومەتا هەرێمێ بەردەوامی دایە پڕۆژەییێن ئاڤادانکرنا پارێزگەها دهۆکێ، لڤان نیزیکان دێ دەست ب ئەنجامدانا پڕۆژەییێ بەرفرەهکرنا ئاڤا ناحیا فەیدیێ تا دەڤەرا سێمێلێ کەن، دیسان پڕۆژەییێ ساخلەمییێ ل نەخوشخانا تەنگاڤیان ل دهۆکێ ئەنجامدەن، کۆ نیزیکی 20 ملیون یورویا بۆ تەرخانکرن و چەندین پڕۆژەییێن دیتر دێ ئێنە ئەنجامدان ژ وان ئاڤاکرنا قوتابخانەیان و پێشتەڤانیکرن ل ئاوارە و پەنابەران، کۆ حەفت سەد هەزار ئاوارە و پەنابەر ل سنوڕێ پارێزگەها دهۆکێ هەنە.

ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد هاریکارێ پارێزگەرێ دهۆکی بۆ کاروبارێ ئاوارە و پەنابەران گۆت: کومپانیا GIZ بۆ چەندین سالایە ل هەرێما کوردستانێ و ب تایبەت ل پارێزگەها دهۆکێ کار دکەت و چەندین پڕۆژەییێن تەندروستی، پەروەردە، ئاڤ، وەرزش و زانستی ئەنجامداینە.

هاریکارێ پارێزگەرێ دهۆکی بۆ کاروبارێ ئاوارە و پەنابەران پتر بەحسکر، سەرارایی قەیرانا دارایی و هەبوونا شەری دژی هەرێما کوردستانێ، بەلێ حکومەتا هەرێمێ بەردەوامی دایە پڕۆژەییێن ئاڤادانکرنا پارێزگەها دهۆکێ، لڤان نیزیکان دێ دەست ب ئەنجامدانا پڕۆژەییێ بەرفرەهکرنا ئاڤا ناحیا فەیدیێ تا دەڤەرا سێمێلێ کەن. دیسان پڕۆژەییێ ساخلەمییێ ل نەخوشخانا تەنگاڤیان ل دهۆکێ ئەنجامدەن، کۆ نیزیکی20 ملیون یورویا بۆ هاتینە تەرخانکرن و چەندین پڕۆژەییێن دیتر دێ ئێنە ئەنجامدان ژ وان ئاڤاکرنا قوتابخانەیان و پێشتەڤانیکرن ل ئاوارە و پەنابەران، کۆ حەفت سەد هەزار ئاوارە و پەنابەر ل سنوڕێ پارێزگەها دهۆکێ هەنە.

دیار عەبدولستار سەلیم، ئەندازیار ل کۆمپانیا GIZ بۆ مالپەرێ فەرمیێ پارتی دیموکراتی کوردستان زەلالکر: ئەڤرۆ دگەل دەزگەهێن حکومی یێن هەرێما کوردستانێ روونشتین، چونکی پڕۆژەییێن ئاڤادانکرنا پارێزگەها دهۆکێ بەردەوام د گەشەکرن و پێشکەفتنێ دانە، واتە پارێزگەها دهۆکێ لسەر پڕۆژەییێن خزمەتگوزاری بەردەوام بوویە، دیسان مە خواستیە بۆ پلانا سالا 2018ێ، چ بهێتە ئەنجامدان لگۆر خواستەیا دەڤەرێ و پتر جوانکرنا ڕوویێ شارستانییێ پارێزگەهێ.

دیار عەبدولستار سەلیم، ئاماژەدا: بەردەوام هەول بۆ دابینکرنا دەلیڤێن کاری ژلایێ کومپانیا ناڤبریڤە دئێتەکرن، جونکی پڕۆژەیەک هەیە ب ناڤێ پارە بەرامبەر شولی، کۆ چەندین کەس ژڤی پرۆژیدا دمفادار بووینە، بەردەوام ژی دەلیڤێن کاری و دروستکرنا پرۆژەیان لدووڤ پلانا کومپانییێ و حکومەتێ ئەنجام ددەین و بەهرا پتریا وان ژی پرۆژەییێن ئاڤادانکرن و پێشڤەبرنێ نە.

GIZ کومپانیەکا حکومییە سەر ب وەلاتێ ئەلمانیا ڤەیە، ژسالا 2014ێ تا نوکە ل هەرێما کوردستانێ کار دکەت و دەلیڤێن کاری بۆ هەولاتیان دابین دکەت.

حەشدی شەعبی ڕێگری لە دەوامکردنی 50 مامۆستای بەردەڕەش دەکات

دوای هاتنی حەشدی شەعبی بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، چەندین پێشێلکاری بەرانبەر کورد ئەنجام دراون، بەڕێوەبەری پەروەردەی بەردەڕەشیش دەڵێت: حەشدی شەعبی ڕێگری لە دەوامکردنی50 مامۆستای پەروەردەکەیان دەکات.

غازی ڕەمەزان لەوبارەیەوە گوتی: دوای هاتنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، چەندین کێشەیان بۆ خەڵک دروست کردووە و ئێستا ئێمە 50مامۆستامان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حەشدا ماون و میلیشیاکان ناهێڵن ئەو مامۆستایانە دەوامی ئاسایی خۆیان بکەن.

ڕەمەزان گوتیشی: ئێستا نزیکەی 2900 قوتابیمان هەیە کە بەسەر نزیکەی 30 قوتابخانەدا دابەشبوون، بەڵام بە هۆی ڕێگریکردن لەو مامۆستایانە، 15قوتابخانە گرفتی کەمیی میلاکیان بۆ دروست بووە، بۆیە پێویستە چارەیەک بۆ ئەو گرفتە بدۆزرێتەوە.

فەرەنسا ژمارەیەک سکۆلەرشیپ پێشکەش بەقوتابیانی کوردستان دەکات

بە پێی ڕاگەیاندراوێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامەی خەبات کەوتووە، خوازیارانی خوێندنی باڵا لە کوردستان ئاگادار دەکاتەوە، کە بەشی هاوکاری و کەلتوری لە باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە ئێراق ژمارەیەک کورسی خوێندنی ماستەر لە بوارەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یاسا و زانستە ڕامیارییەکان پێشکەش بە قوتابیانی هەرێمی کوردستان کردووە، بۆیە ئەوەی مەرجەکانی تێدایە و خوازیاری بەدەستهێنانی کورسییەکانی ئەو سکۆلەرشیپەیە ناوی خۆیان تۆمار بکەن. مەرجە گشتییەکانیش بەم شێوەیەیە: دەبێ خوازیار دەرچووی سالی خوێندنی 2017-2016بێت، یان ئەمسالّ خوێندکاری قۆناغی چوارەم بێت. کرێی بەشداریکردن بۆ کۆرسی زمان بریتیە لە 180000هەزار دینار و دەکەوێتە سەر ئەستۆی خودی کاندیدەکە، لەم ئیمەیلەدا ناوی خۆت تۆمار بکە cours@institutfrancais-erbil.com

هەر خوازیارێک کە کاندید کرا لە ڕێکەوتی 12ی تشرینی دووەمی ئەمسالّ تا ڕێکەوتی 5ی کانونی یەکەمی ساڵی داهاتوو کۆرسی زمانی فەرەنسی لە ناوەندی کەلتوری لە کونسلگەری گشتی فەرەنسا لە هەولێر دەخوێنێت. باشترین کاندیدەکانی کۆرسی زمانی یەکەم، بۆ ماوەی شەش مانگ تا ساڵێک بۆ بەدەستهێنانی ئاستی /B1یی یەک زمانی فەرەنسی لە ولاتی فەرەنسا دەخوێن، دواتر بۆ خۆئامادەکردن بۆ بەدەستهێنانی ئاستی /B2یی دوو لە زمانی فەرەنسی بۆ ئەوەی بۆ پێشکەشکردن بۆ سکۆلەرشیپی ساڵی 2019ئامادە بێت. لە کانونی دووەمی ساڵی 2019ەوە لەسەر بنەمای ئاستی زمان و کۆڤرەی زانکۆ، بەشی هاوکاری و کەلتوری لە باڵیۆزخانەی فەرەنسا کاندیدەکانی سکۆلەرشیپەکە دەستنیشان دەکات. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و وردەکاری زیاتر و خۆتۆمارکردن لە کۆرسی زمان، دەکرێت لە ئێستاوە خوازیاران پەیوەندی بە ناوەندی کەلتوری کونسلگەری گشتی فەرەنسا لە هەولێر بەم ناونیشانە بکەن. http://cours.institutfrancais.org.uk

وەزارەتی تەندروستی زانیاری لەسەر دەنگۆی نەمانی دەرمان لە نەخۆشخانەکان ئاشکرا دەکات

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: بەغدا ئاگاداری کردینەوە کە هیچ بڕە پارەیەکمان بۆ کرپینی مانگی 11و 12ی ساڵی 2017 نەماوە. د. خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: هەرچەندە وەک پێشتر دەرمانمان نییە، بەڵام ئەو دەنگۆیانەش کە باس لە نەمانی دەرمان لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن ڕاست نین، چونکە ئێمە مانگانە لە ڕێی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانەوە 6 ملیار دینار بۆ کرپینی دەرمان خەرج دەکەین، هەروەها ئەو دەرمانانەی کە زۆر پێویستن لە نەخۆشخانەکاندا هەیە. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئاشکراشی کرد: لەلایەن حکومەتی ناوەندی بەغداوە ئاگادار کراونەتەوە کە هیچ بڕە پارەیەکیان بۆ کرپینی دەرمانی مانگی 11و 12ی ساڵی 2017 نەماوە، بۆیە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی عێراق لەسەر هێڵێن بۆ ئەوەی لە بوودجەی ساڵی 2018 پارەی ئەم دوو مانگەمان بۆ خەرج بکەن. د. خالس قادر باس لەوەش دەکات کە تەنیا ئەو پارەیەی لەلایەن بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کرابوو تەواو بووە، بەڵام هێشتا ئەو بڕەی کە لەلایەن خودی هەرێمی کوردستانەوە بۆ کرپینی دەرمان تەرخانکراوە ماوە.

تەرمی هاووڵاتییەک لە بەنداوی دەربەندیخان دۆزرایەوە

بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانیی دەربەندیخان دۆزینەوەی تەرمی هاووڵاتییەکی لەناو بەنداوی دەربەندیخان ڕاگەیاند کە بەهۆی بوومەلەرزەکەی شەوی ڕابردووەوە کەوتۆتە ناو بەنداوەکەوە. ڕائید کەیوان ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانیی دەربەندیخان، ڕایگەیاند: سەرلەبەیانی ڕۆژی 13/11/2017 لەلایەن تیمی مەلەوانیی بەرگریی شارستانی دەربەندیخانەوە، تەرمی هاووڵاتییەکی تەمەن نزیکەی 60 ساڵ لەناو ئاوی بەندای دەربەندیخان بە خنکاویی دۆزرایەوە. گوتیشی: هاووڵاتییەکە ناوی حەمەکەریم محەمەد نادرە و دانیشتووی گوندی زمناکۆی نزیک دەربەندیخانە، لەکاتی بوومەلەرزەکەدا لەناو بەنداوەکە سەرقاڵی ڕاوەماسی بووە و بەو هۆیەوە خنکاوە.

ڕوونکردنەوە

ئاگاداری گشت لایەکتان دەکەین کە ئەو ئاگادارییەی سەبارەت بە پاکتاو کردنی کۆمپانیای پیت ئویلی نێودەوڵەتی بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە 7388 لە ڕێکەوتی 2017/10/12 و ڕۆژنامەی خەبات ژمارە 5372 لە ڕێکەوتی 2017/ 10/18 تایبەتە بە لقی کۆمپانیای ناوبراوە لە شاری سلێمانی چونکە کۆمپانیای ناوبراو بەردەوامە لە کارکردن لە هەرێمی کوردستان و لقی نۆفیسی سەرەکی لە شاری هەولێرە.